https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.09

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# سێ دەقی مێخیی نوێی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور
# لە مۆزەخانەی سلێمانی

هێمن نوری فەتاح    د. ڕافیدە عبداللە عبداللصمد
بەشی شوێنەوار/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی
rafida.abdulsamad@univsul.edu.iq  hayman.fattah@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لە سێ دەقی مێخی بڵاونەکراوەی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور (٢١١٠- ٢٠٠٣ پ.ز) لەخۆدەگرێت، کە لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون و یەکەم جارە لێرەدا بڵاودەکرێنەوە. بەپێی ناوەڕۆک و پێکهاتەی ناوی مانگەکانی ئەم سێ دەقە دەتوانرێت بە شێوەیەکی ئاسایی سەرچاوە و شوێنی ئەم دەقانە بە شاری ئیریساگریگ (Irisagrig/*Āl-Šarraāki*)ی کۆنەوە ببەسترێنەوە. ناوەڕۆکی هەردوو دەقی (SM.037085, SM.037284) تایبەتە بە دابەشکردنی بەشە خۆراک بەسەر نێردراوەکانی پاشا وەک پاڵپشتییەک لە کاتی ئەنجامدانی چەند ئەرکێکی جیاواز و تایبەت کە پێیان سپێردراوە. مێژووی ئەم دوو دەقە بە ساڵی دووەمی فەرمانڕەوای ئیبی-سین Ibbi-Suen (٢٠٢٦- ٢٠٠٣ پ.ز)، پێنجەمین پاشای بنەماڵەی سێیەمی ئور دیاریکراوە. بەڵام دەقی سێیەمی ئەم بڵاوکراوەیە (SM.040094) بە یەکێک لە دەقە مێخییە دەگمەنەکان دادەنرێت، لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور، کە بابەتەکەی دابەشکردنی چەند پێداویستییەک وەک کوندەی ئاو لەگەڵ پێڵاوی لە چەرم دروستکراو، بەسەر نێردراوی شاژن لەخۆدەگرێت، بەڵام دەقەکە مێژووەکەی دیارینەکراوە، بەهۆی نەبوونی کلێشەی مێژوویی لەسەر دەقەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە مانگی شەشەم لە شاری ئیریساگریگ دەکات.

**وشە کلیلییەکان**: دەقی مێخی، نێردراوی پاشا، نێردراوی شاژن، ئوری سێیەم، ئیریساگریگ.


## سێ دەقی مێخیی نوێی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئور
## لە مۆزەخانەی سلێمانی

### پێشەکی:

بنەماڵەی سێیەمی ئور مێژووەکەی بۆ (٢١١٠-٢٠٠٣ پ.ز) دەگەڕێتەوە، ئەم سەردەمە بە یەکێکە لە باشترین سەردەمە مێژووییەکان دادەنرێت نەک تەنیا لە میسۆپۆتامیای کۆن، بەڵکو لە جیهانیش لە ڕووی دەوڵەمەندی لە بواری دۆکۆمێنتکردنی بەڵگەکان بە تایبەت لە ڕووی بەڕێوەبردنی کارگێڕی و ئابوورییەوە. زانیارییەکان ئاماژە بە بوونی ژمارەیەکی یەکجار گەورە لە بەڵگەنامەکان دەکەن، کە مەزەندە دەکرێت بە (١٢٠٠٠٠) بەڵگەنامە و زیاتریش، ئەم بەڵگەنامەنەش لە شار و ناوچە شوێنەوارییەکان دۆزراوەتەوە و ئێستا لە مۆزەخانەکانی جیهاندا پارێزراون. ئەم سێ دەقە مێخییەی کە بۆ یەکەم جار لێرەدا بڵاودەکرێنەوە، بەشێکن لەو دەقە مێخییانەی لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون، کە مەزەندە دەکرێن بە نزیکەی (٧٠٠٠) هەزار دەقی مێخی. شوێنی بنەڕەتیی ئەم سێ دەقە مێخییە دەگەڕێتەوە بۆ شاری کۆنی ئیریساگریگ (Irisagrig)، کە بە ئەکەدی ناسراوە بە (*Āl-Šarraāki*)، شارێکی گرنگی سومەری بووە لە هەزارەی سێیەمی پێش زاین، کە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتیی بنەماڵەی سێیەمی ئور ڕۆڵێکی ستراتیژیی گرنگی گێڕاوە لە پەیوەندییەکانی دەوڵەتی سومەریی نوێ لەگەڵ ناوچە هاوسنوورییەکانی بە تایبەتی ناوچەکانی ئێستای ئێران. پاشماوەی ئەم شارە لە لایەن تاڵانچییەکانی شوێنەوارەوە بە شێوەیەکی نایاسایی تووشی تێکدان و تاڵانی بووەتەوە، دەقە مێخییەکانی ئەم شارە کە بە زیاتر لە هەزاران دەق دەخەمڵێنرێت، بە شێوەیەکی نایاسایی دەرهێنراون و فرۆشراون بە بازرگان و بازاڕی کڕین و فرۆشتنی پارچە شوێنەوارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا و ئەمریکا.

هەرچەندە تا ئێستا شوێنی جوگرافیی ئەم شارە بە تەواوی دیارینەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە توێژەران و پسپۆڕان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی گریمانە و پێشنیازەکانیانەوە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیی ئیریساگریگ دیاریبکەن. مۆلینا ئاماژە بەوە دەکات کە ئیریساگریگ لە سەرچاوە مێخییەکانی هەزارەی سێیەمی پێش زاین بە باشی دۆکۆمێنتکراوە (Molina, 2013, p.60). لە سەرەتاکانی بەرەبەیانی بنەماڵە سومەرییەکان کە کۆنترین بەڵگە ناوی ئەم شارە تێدا هاتبێت دەگەڕێتەوە بۆ دەقێکی شاری فارە (FTUPM 78) ، کە بریتییە لە تۆماری خواردنەوە بۆ خەڵکی ئیریساگریگ و ئەدەب و ئومما. هەروەها مۆلینا (لە توێژینەوە ورد و بەرفراوانییەکەیدا بە پشتبەستن بە دووبارە ڕێکخستنەوەی گەشتی ڕێگای ئاویی چوون و گەڕانەوەی نێوان ئوما و ئیریساگریگ، وەک لە تۆماری دەقە کارگێڕییەکانی ئوری سێیەمدا هاتووە، پێشنیازی ئەوە دەکات، باشترین شوێن بۆ ئیریساگریگ بریتییە لە هەر دوو شوێنی (H1032) لەگەڵ (H1056) کە لە ڕووپێوییەکەی (Adams) هاتووەMolina, 2013, p.76 )، بە تایبەتی ئەوەی دواتریان بە لاوە پەسەندترە، کە دەکەوێت سەر ڕووباری دیجلە لە ڕۆژهەڵاتی شاری نیپوور. لە لایەکی ترەوە، ڤیانۆ بە هەمان شێوە لە توێژینەوەیەکی زۆر ورد و بەرفراواندا (Viano, 2019, p.37)، لەژێر ڕۆشنایی بەڵگە شوێنەوارییە تازەکان و خوێندنەوە و دووبارە ڕێکخستنەوەی گەشتی ڕێگای ئاویی نێوان ئوما و ئیریسگریگ، بە تایبەتی ئەو بەڵگانەی باس لە پەیوەندیی پتەوی نێوان (ئیریساگریگ و کێش) دەکەن، کە بە دیاریکردنی شوێنی کێش بە تلول ئەلبەقەرات دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێشنیازێکی قبوڵکراو بێت، کە لە دەوروبەری (کێش Keš) بە دوای ئیریساگریگدا بگەڕێین. بە ڕای ڤیانۆ باشترین بژاردە تا ئێستا بۆ شوێنی ئیریساگریگ بریتییە لە (تل الویلایە Tell Al-wilaye)، کە گەورەترین شوێنەواری ناوچەکەیە بە دووری ٦کم لە باشووری ڕۆژئاوای تلول ئەلبەقەرات

(دەڕواندرێتە نەخشەی ژمارە ١). سەرەڕای هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی شوێنی ئیریساگریگ، بەڵام تا ئەنجامدانی ڕووپێوی و کنە و پشکنینی شوێنەواری لەو ناوچەیەدا نەکرێت شوێنەکەی بە نەزانراوی دەمێنێتەوە لە کاتی ئێستادا.




نەخشەی ژمارە (١) شوێنی خەملێنراوی ئیریساگریگ (بە زیادکردنەوە) لە لایەن توێژەران وەرگیراو لە

Viano, M. (2019) ‘On the Location of Irisaĝrig once again’, *JCS* 71(1), p. 471(diš) udu $ge_6$-gá 5(diš) sìla $tu_7$

1. $^{d}$šul-gi-ma-ti rá-gaba lú-kin-gi$_4$-a lugal
2. 1(diš) sìla tu$_7$ 1(diš) ku$_6$
3. puzur$_4$-ma-ma lú-kin-gi$_4$-a lugal
4. u$_4$ erín še géš ra-ra zi-zi-dè im-e-re-ša
5. 1(diš) ma-la-ku udu
6. 2(diš) sìla tu$_7$ 2(diš) ku$_6$
7. ur-dub-la-maḫ-a lú-kin-gi$_4$-a lugal
8. u$_4$ ki-maš$^{ki}$-ta
9. ki lugal-šè ba-gen-na-a
10. 1(diš) ma-la-ku udu
11. 2(diš) sìla tu$_7$ 2(diš) ku$_6$
12. dingir-kal lú-kin-gi$_4$-a lugal
13. u$_4$ ki-maš$^{ki}$-šè ba-gen-na-a
14. 2(diš) sìla tu$_7$ 2(diš) ku$_6$
15. ḫu-la-al lú-kin-gi$_4$-a lugal
16. u$_4$ kaskal $^{anše}$kúnga sí-ku-um-šè im-gen-na-a
17. 1(diš) sìla tu$_7$ 1(diš) ku$_6$ bu-lu-lu šùš
18. u$_4$ $^{anše}$kúnga sí-ku-um-šè im-gen-na-a
19. 2(diš) sìla tu$_7$ 2(diš) ku$_6$

**ڕووی پێشەوە:**

١) ١ مەڕی برژاو، ٥ لیتر شۆربا
٢) (بۆ) شولگی- ماتی، نێردراوی سوارەی پاشا
٣) ١ لیتر شۆربا، ١ ماسی
٤) (بۆ) پوزور- ماما، نێردراوی پاشا
٥) کاتێک هاتن بۆ کۆکردنەوەی کرێکار-سەربازەکان بۆ گێرەکردنی دانەوێڵە
٦) ١ پارچە گۆشتی مەڕ
٧) ٢ لیتر شۆربا، ٢ ماسی
٨) (بۆ) ئوردوب- لاماخا، نێردراوی پاشا
٩) کاتێک لە کیماشەوە
١٠) هات بۆ شوێنی (چاوپێکەوتنی) پاشا
١١) ١ پارچە گۆشتی مەڕ
١٢) ٢ لیتر شۆربا، ٢ ماسی
١٣) (بۆ) دینگیر-کال، نێردراوی پاشا
١٤) کاتێک هات بۆ کیماش
١٥) ٢ لیتر شۆربا، ٢ ماسی
١٦) (بۆ) خولال، نێردراوی پاشا
١٧) کاتێک هات بۆ سەر ڕێگاکە بۆ (هێستری؟) سیککوم.
١٨) ١ لیتر شۆربا، ١ ماسی (بۆ) بولولو چاودێر
١٩) کاتێک هات بۆ (هێستری؟) سیککوم
٢٠) ٢ لیتر شۆربا، ٢ ماسی

**Rev.**

1. du$_{10}$-ì-lí lú-kin-gi$_4$-a lugal
2. u$_4$ níg-gù-dé mar-sa má-lugal-ka-šè im-gen-na-a

3. 2(diš) sìla $tu_7$ 2(diš) $ku_6$
4. dingir-šeš-kù-zu dub-sar lugal
5. 2(diš) sìla $tu_7$ 2(diš) $ku_6$
6. nin-a-na dub-sar lugal
7. $u_4$ še gána-$gu_4$-géš è-è-e-dè im-e-re-ša-a
8. 1(diš) sìla $tu_7$ 1(diš) $ku_6$
9. ù-ṣur-ur-ba-šu lú-kin-$gi_4$-a lugal
10. $u_4$ ki ensí-ka-šè im-gen-na
11. 1(diš) sìla $tu_7$ 1(diš) $ku_6$
12. $^{d}$iškur-ba-ni lú-kin-$gi_4$-a lugal
13. $u_4$ BÀD$^{ki}$-šè ba-gen-na
14. 1(diš) sìla $tu_7$ 1(diš) $ku_6$
15. šeš-kal-la agà-ús lugal dú-ra
16. $u_4$ en-nu-gá šè $buru_{14}$-ka-šè im-gen-na-a lú sa-gaz-$ke_4$ in-sìg-ga
17. 1(diš)sìla $tu_7$ 1(diš) $ku_6$ lugal-amar-kù lú ùr-ra
18. $u_4$ mun-gazi-šè im-gen-na-a
19. zi-ga iti ezem-$^{d}$$li_9$-$si_4$
20. mu en $^{d}$Inanna unu(g)$^{ki}$-ga máš-e ì-pàd

**le.e:** u4 1(u) 7(diš)-kam


**ڕووی پشتەوە:**

١) (بۆ) طاب–ئیلی، نێردراوی پاشا
٢) کاتێک هات بۆ (دابینکردنی) پێداویستییەکانی بەندەری بەلەمی پاشا
٣) ٢ لیتر شۆربا، ٢ ماسی
٤) (بۆ) دینگیر– شێشکوزو، نوسەری پاشا
٥) ٢ لیتر شۆربا، ٢ ماسی
٦) (بۆ) نین–ئانا، نوسەری پاشا
٧) کاتێک هاتن بۆ خەرمان کوتان بە (مێکوت) لە کێڵگەیەکی کێڵراو
٨) ١ لیتر شۆربا، ١ ماسی
٩) (بۆ) ئوصور–ئورباشو، نێردراوی پاشا
١٠) کاتێک هات بۆ شوێنی (چاوپێکەوتنی) پارێزگار
١١) ١ لیتر شۆربا، ١ ماسی
١٢) (بۆ) ئەدەد– بانی، نێردراوی پاشا
١٣) کاتێک هات بۆ دێر
١٤) ١ لیتر شۆربا، ١ماسی
١٥) (بۆ) شێش–کال، سەربازی پاشا نەخۆش
١٦) کاتێک هات بۆ پاسەوانیکردنی دانەوێڵە، لە (کاتی) دروێنە کردن، لە لایەن چەتەکان لێیدرا
١٧) ١ لیتر شۆربا، ١ ماسی، (بۆ) لوگال – ئەمارکو، وردکەری بەهارات
١٨) کاتێک هات بۆ بەهارات
١٩) خەرجی مانگی فیستیڤاڵی خواوەند لیسی
٢٠) (ئەو) ساڵەی کاهینی گەورەی خواوەند ئینانا لەشاری ئوروک لە ڕێگەی فاڵەوە هەڵبژێردرا

**لای چەپ: ڕۆژی حەڤدەیەم**



وێنەی ژمارە (١) SM.037085



وێنەی ژمارە (٢) کۆپی SM.037085

## وەرگێڕانی گشتی:

ئەم دەقە لیستی بەشە خۆراک لەخۆدەگرێت، کە پێکدێت لە (گۆشتی مەڕی برژاو، ماسی، شۆربا، پارچە گۆشتی مەڕ) بەسەر نێردراوەکانی پاشا وەک پاڵپشتییەک لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان. مێژووی دەقەکە دیاریکراوە بە ڕۆژی حەڤدەیەم مانگی ٤ لە ساڵی دووەمی فەرمانڕەوایی ئیبی-سین.

## شیکردنەوە:

silà: یەکەیەکە بۆ پێوانەی قەبارە بەکاردێت، ١ silà هاوتایە بەرانبەر ١ لیتر. بەرانبەری لە ئەکەدیدا *qû* ، *mīšertu* (Kleinerman and Owen, 2009, p.169).

$še_6$-gá: زاراوەیەکی سومەرییە واتای "برژاو" دەدات ( Owen, 2013, p. 412). بە زۆری لە دەقەکانی شاری ئیریساگریگدا دەرکەوتووە. تەنها چەند جارێکی زۆر کەم لە دەقەکانی (ئوما و گیرسو)دا هاتووە. ئەم زاراوەیە لەگەڵ وشەی (udu) کە بە واتای "گۆشتی برژاوی مەڕ" دێت، تەنها لە شاری ئیریساگریگدا هاتووە، ئەویش بە تایبەت لەو دەقانەی کە باس لە نێردراوەکانی پاشا دەکات، کە پێدەچێت ئەم جۆرە لە (گۆشتی برژاوی مەڕ) تایبەت بووبێت بە نێردراوەکانی پاشا و ئەو کەسایەتییانەی کە لە شارەکانی تری دەرەوەی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی سێیەمی ئور لە کاتی گەشتەکانیان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان وەک بەشە خۆراک لە پاڵ (نان، ماسی، شۆربا، بیرە)دا، گۆشتی برژاوی مەڕیشیان بەسەردا دابەشکراوە. بەرانبەری ئەم زاراوەیە لە ئەکەدیدا بریتییە لە *bašālu* ( CAD/B/p.135).

$tu_7$: وشەیەکی سومەرییە بە واتای "سوپ، شۆربا" دێت (Sallaberger, 2020, p.990). بەرانبەری لە ئەکەدیدا *ummaru* (الجبوري، ٢٠١٠، ص. ٦٨٩).

$ku_6$: وشەیەکی سومەرییە، بە واتای "ماسی" ( Halloran, 2006, p.12). بەرانبەری لە ئەکەدیدا *nūnu* (CAD, N,p.336). ($tu_7$-$ku_6$) پێکەوە بە واتای "شوربای ماسی" دێت.

lú-kin-$gi_4$-a lugal: دەستەواژەیەکە بە واتای" نێردراوی پاشا/ نێردراوی شاهانە ". سەبارەت بەم دەستەواژەیە ئۆون ڕای وایە کە ڕەنگە وا گریمانە کرابێت، نێردراوی پاشا lú-kin-$gi_4$-a lugal پۆست (پێگەیەک) بووە، لە کۆشکی شاهانە، کە نێردراوەکان ئەم دامەزراندنانەیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بووە، بەڵام ئەو بەڵگانەی لە دەقەکانی ئیریساگریگ دەردەکەون پێچەوانەکەی دەردەخەن. وا دەردەکەوێت ئەو کەسانەی ئەم نازناوەیان هەڵگرتووە وەک نێردراوی پاشا تەنیا بۆ ئەرکێک یان چەند ئەرکێکی دیاریکراو دامەزراون، نەک وەک نێردراوی تاکەکەسی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە کۆشکەوە پەیوەست بوو بن (Owen, 2013, p. 154).

rá-gaba: ئەم زاراوەیە لە لایەن توێژەرانەوە چەند لێکدانەوەیەکی بۆ کراوە، لەوانە (ڕێبەر، کەسی سوراە، سوارچاک، نێردراوی سوراه (Kleinerman and Owen, 2009, p.143). بەرانبەری لە ئەکەدیدا *rakbû* (CAD, R, p.105).

$u_4$ še géš ra-ra zi-zi-dè im-e-ri-ša-a: "کاتێک هاتن بۆ کۆکردنەوەی سەربازە-کرێکارەکان بۆ دروێنەی دانەوێڵە (Owen, 2013, p. 167) ".

$u_4$: وشەیەکی سومەرییە واتای "ڕۆژ، ڕووناکی، کاتێک" دەدات (Foxvog, 2016, p.41). بەرانبەری لە ئەکەدیدا *enūma* ( CAD/E: p.180).

še: وشەیەکی سومەرییە بە واتای "دانەوێڵە/ جۆ" ( Halloran, 2006, p.16). بەرانبەری لە ئەکەدیدا *uṭṭatu* (CAD/U/p.349).

géš ra-ra: زاراوەیەکی سومەرییە واتای گێرەکردنی جۆ (دانەوێڵە)" دەدات (Owen, 2013, p. 182).

zi-zi-dè: فرمانە لە حاڵەتی ڕانەبردوو *marû* دا، دوو واتای سەرەکی هەیە، یەکەم: لابردن و پاککردنەوەی (قوڕ و لیتەیی نیشتوویی کەناڵ و جۆگە ئاودێرییەکان) ، (Owen, 2013, p. 182). دووەم: بە واتای کۆکردنەوە دێت، بە تایبەتی کاتێک ئەم فرمانە لەگەڵ کرێکار-سەرباز بەکاربێت (Michalowski, 2011, p.336) .

zi: ڕەگی فرمانەکەیە بە واتای کۆکردنەوە.

éren: وشەیەکی سومەرییە، بە واتای "جۆرێک لە سەربازی زۆرە ملێ (سەربازی کاتی)" دێت. کە خزمەتەکەیان بە شێوەیەکی کاتییە، بە پێچەوانەی سەربازانی جۆری agà-ús کە سەربازی هەمیشەیی بوون (Lafont, 2009, pp.8-9). بەرانبەری ئەم وشەیە لە ئەکەدیدا بریتییە لە *ṣābu*، هەروەها دەتوانرێت بەرانبەری زاراوەی ئەکەدی *ummānu* بەکاربهێنرێت، ئەم زاراوەیە تەنها وەک چەمکێکی سەربازی پوخت بەکارنەهێنراوە، بەڵکو لە دەرەوەی لایەنە سەربازییەکەش بۆ ئەو کرێکارانە بەکارهاتووە، کە بەزۆر و بەبێ کرێ کاریان پێکراوە کە پێیان دەوترێت (سوخرە). وا دەردەکەوێت ڕم چەکی سەرەکی ئەم جۆرە سەربازانە بوو بێت (Lafont, 2009, p.15).

im-e-re-ša-a: ڕستەیەکی فرمانییە بە واتای ئەوان هاتن".

im-e-re-ša-a

a = -eš -a -er i -m-

: PLUR-3PL -NOM=LOCڕۆشتن- VP-VENT

i: پێشگری دەنگییە (vocalic prefix)

m: حاڵەتێکی ڕێزمانییە لە زمانی سومەریدا پێی دەوترێت (ventive).

(im) ئەم پێشگرە کاتێک لەڕستەدا بەکاردێت، هەمیشە ئاماژە بە ناوی شوێن ناکات، واتە زۆر بە کەمی لە ناو ڕستەدا لەگەڵ ناوی شوێن بەکاردێت، بەڵکو زیاتر ئاماژە بۆ شتێک دەکات ( Rubio and Woods, 2013, p.195).

ere/er: ڕەگی فرمانە کە لە حاڵەتی کۆدایە واتای ڕۆشتن" دەدات. ئەم جۆرە ڕەگی فرمانانە پێیان دەوترێت "ڕەگە ناتەواوەکان" Imperfective stem لە حاڵەتی تاکدا ڕەگی فرمانەکە بریتی‌یە لە gen لە ڕابردوو، ئەم ڕەگە دەبێتە du ئەگەر وەک marû بەکارهات بە هەمان شێوە ڕەگی ئەم جۆرە فرمانانە لەکاتی گۆڕینی لە تاکەوە بۆ کۆ، چ لە ڕابردوو xamṭu یاخود ڕانەبردوو marû دا بەکاربێت ڕەگی فرمانەکە بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەردا دێت. Foxvog, 2016 b, pp. 119-121).

eš: بۆ کەسی سێیەمی کۆ (ئاقڵ) ( Third personal plural (human

a-: پاشگری ناو (nominalizing suffix)

a-: حاڵەتێکی ڕێزمانییە بۆ شوێن بەکاردێت locative case.

ta: حاڵەتێکی ڕێزمانییە پێی دەوترێت (Ablative Instrumental). چەند واتایەکی هەیە، ئەگەر لەگەڵ شوێندا بەکارهات بە واتای (لە) دێت، لەگەڵ ناوی کەسی بەکارهات، ئەوا بە واتای (لە لایەن) دەدات، هەروەها ئەگەر وەک ئامراز بەکارهات ئەوا بە مانای (لەگەڵ) دێت. ( Foxvog, 2016 b, p.57).

šè: ئەم ئامرازە لە ڕووی ڕێزمانییەوە پێی دەوترێت (Terminative) کە مانای گشتی ئەم ئامرازە بریتیی‌یە لە (جوڵان بەرەو ئاراستەیەک و کۆتایهێنان لە بابەتێک یان ئامانجێکدا) ( Foxvog, 2016, p.58). بە زۆری لەگەڵ ناوی شار و شوێنە جوگرافییەکاندا بەکاردێت.

ba-gen-na-a: ڕستەیەکی فرمانییە بە واتای "ئەو هات".

ba: پێشگرێکی دەنگییە (vocalic prefix)، لە دەقەکانی ئیریساگریگ شێوازی ئەم پێشگرە زیاتر بەستراوە بە جوڵەیەک بە ئاراستەی شوێنێکی جیاواز. واتە کاتێک ئەم پێشگرە بەکارهاتووە، کە ناوی شوێنێک هەبێت، لە حاڵەتی ڕێزمانی (terminative)، یاخود ڕستەکە ئاماژەیەک بێت بۆ جوڵەیەک بکات (لێرەوە بۆ ئەوێ)، واتە لە (ta) ی ablative بۆ (šè) ی terminative (Rubio and Woods, 2013, p.195).

gen: ڕەگی فرمانە بە واتای "هاتن" (Foxvog, 2016, p.13).

ba-gen-na-a

ba -ĝen -Ø -a =a

MM -ڕۆشتن- 3SG -NOM =LOC

*ma-la-ku* udu: زاراوەیەکی سومەرییە واتای پارچەیەک لە گۆشتی مەڕ" دەدات (Molina, 2019, p.21).

kaskal: وشەیەکی سومەرییە واتای "ڕێگ" دەدات (Sallaberger, 2020, p.990). بە تایبەت (ڕێگای گشتی). هەروەها بە واتای هەڵمەت (پڕۆسەی سەربازی)یش دێت، بەرانبەری لە ئەکەدیدا *gerum/ḫarrānu* ، کە لە دەقەکانی نێردراوە پاشاییەکان بۆ زۆر واتای جیاواز بەکارهاتووە (Lafont, 2009, p. 5).

anše kunga$_2$: وشەیەکی سومەرییە چەند لێکدانەوەیەکی بۆ کراوە لە لایەن توێژەرانەوە،

(Maekawa, 1979, p.46) ئەم وشەیەی دەستنیشانکردووە بە گوێدرێژی جۆری (ئۆناگەر) کە ناسراوە بە (ئۆناگەری فارسی)، کە ناتوانرێتماڵی بکرێت و جۆرێکی باو بووە، لە کۆتاییەکانی هەزارەی سێیەمی پێش زاین. بەڵام (Heimpel, 1994, p. 10) ئەم دەستنیشانکردنەی (Maekawa) بەدووردەخاتەوە. لەلایەکی دیکەوە (Sigrist, 1995, p. 61) ئەم جۆرە ئاژەڵەی بە (هێستر) دەستنیشانکردووە. بەرانبەری ئەم وشەیە لە ئەکەدیدا *parû* (CAD/P: p.206).

*sí-ku-um*: سەبارەت بەم زاراوەیە، (Heimpel, 1994, p.29) لە توێژینەوەیەکی زۆر ورد و بەرفراواندا لێکدانەوەی بۆ ئەم

دەستەواژەیە کردووە و بە وشەیەکی ئەکەدی یاخود بە لای کەمەوە بە وشەیەکی سامییە داناوە، کە هاتۆتە ناو ئوری سێیەم و بابلی کۆن. هەروەها ڕای وایە ئەو سەرچاوانەی ئاماژە بە وشەی *sikkum* دەکەن، پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە ئەم وشەیە جۆرێکە لە خزمەتگوزاری، کە بۆ سوودی نێردراوە پاشاییەکان لە گەشتەکانیاندا بەکارهاتووە.

šùš: وشەیەکی سومەرییە واتای "مەیتەر" دەدات (Changyu Liu, 2015, p.101). (مەبەست لە کەسێک کە یاوەری ئەسپ و ئاژەڵی سوارە دەکات و گرنگییان پێدەدات) (Garfinkle, et. al., 2010, p. 305). بەرانبەری لە ئەکەدیدا *kizu* (CAD/K: p.477).

zi-ga: فرمانە بە واتای "خەرجی" بەرانبەری لە ئەکەدیدا *ṣitu* (CAD/Ṣ: p.215).

im-gen-na-a: هەمان واتای (ba-gen-na-a) ی هەیە بە واتای ئەو هات.

im-gen-na-a

i -m -ĝen -Ø -a =a

VP -VENT -ڕۆشتن- -3SG. -NOM =LOC

níg-gù-dé: زاراوەیەکی سومەرییە بە واتای "پێداویستییەکان" (Owen, 2013, p. 400).

mar–sa: وشەیەکی سومەرییە واتای "بەندەر" دەدات. (مەبەست لە شوێنی دروستکردن و چاککردنەوەی بەلەمە) (Foxvog, 2016, p.41).

má-lugal : به واتای بەلەمی پاشا" (Owen, 2013, p. 394).

dub-sar: وشەیەکی سومەرییە بە واتای نووسەر، چووەتە ناو زمانی ئەکەدی و بووە بە *ṭupšarru* (Jagersm, 2010, p.46)

dub-sar lugal : بە واتای "نووسەری پاشا/ نووسەری شاهانە".

gána-gu$_4$ : زاراوەیەکی سومەرییە بە واتای کێڵگەیەک بە گا کێڵرا بێت" (Owen, 2013, p. 374).

géš è-è-dè : زاراوەیەکی سومەرییە بە واتای خەرمان کوتان بە مێکوت " (Owen, 2013, p. 182). ئەم دارە بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی دانەوێڵە (گەنم و جۆ) لە کەپەکەکەی.

ensí: وشەیەکی سومەرییە چەند لێکدانەوەیەکی جیاوازی بۆکراوە، لەلایەن توێژەرانەوە. لە سەردەمی سومەری کۆن بە "فەرمانڕەوای شار/پارێزگاری شار"ی دەستنیشانکراوە (Halloran, 2006, p.54). لە لایەکی دیکەوە (Patterson, 2018, p.140) لێکدانەوەی بۆ ئەم وشەیە کردووە، کە دەتوانرێ ensí بەم شێوەیە وەسفبکرێت ١- فەرمانڕەوای هەرێمییە لەناو جەرگەی خاکی شانشینی سێیەمی ئوردا بێت. ٢- فەرمانڕەوایەکی سەربازییە لە خاکی دەرەوە یاخود شارۆچکەیەکی حامییەی سەر بە فەرمانڕەوایی بنەماڵەی سێیەمی ئور. ٣- فەرمانڕەوایەکی بیانی لە شارێک یان شانشینێکی یەکگرتوو. بەرانبەری ئەم وشەیە لە ئەکەدیدا *iššakku* (CAD/I/p.262). هەرچەندە ئەم وشەیە بە چەند مانایەکی نزیک لە یەکتر دیاریکراوە لەگەڵ ئەوەشدا مانای تەواوی ئەم وشەیە نادات، چونکە لە سەردەمی ئێستادا پلەیەکی هاوشێوەی ensí نییە. دەکرێ ئەم زاراوەیە هەر وەک خۆی بە (ensí) دابنرێت.

agà-ús : ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار لە بەڵگەنامەکانی پێش سارگۆن لە لەگەشدا هاتووە، بەڵام لە دەقەکانی ئیبلاش ناسراو بووە. بەرانبەری لە ئەکەدیدا *rēdû* (Lafont, 2009, p. 9). توێژەران بە شێوەیەکی ئاسایی زاراوەی agà-ús یان بە واتای سەرباز" لێکداوەتەوە. بەڵام (Allred, 2006, p.2) ڕای وایە وەرگێڕانی زاراوەی agà-ús بە سەرباز یاخود پۆلیس تا ڕادەیەک تەواو نییە، بەڵکو پێشنیازی "پاسەوانی تایبەت" یاخود "پاسەوان" دەکات. کە بە لایەنی کەمەوە هەندێک جار بەشداری لە هەڵمەتە سەربازییەکاندا کردووە، بەڵام هەرچۆنێکبێت agà-ús بەشداریی چەند چالاکییەکی تریان کردووە، کە هیچ پەیوەندییان بە سوپاوە نەبووە، لە وانەیە وەک (بەلەم ڕاکێش، نێردراو، هەندێک جاریش لە دادگا کەسانێک کە هەڵگری ناونیشانی agà-ús بوون بەکارهێنراون بۆ هێنانی گومانلێکراوان بۆ دادگا. لە لایەکی دیکەوە بە ڕای (Lafont, 2009, p. 9)) ئەم زاراوەیە وا دەرناکەوێت کە سەربازی ڕاستەقینە بوو بێت، بەڵکو جۆرێک لە پاسەوانی پیشەگەر بووە، بە لەبەرچاوگرتنی چەندین چالاکیی ئاسایشی مەدەنی کە پێدەچێت تیایدا بەشدار بووبێت، هەروەها (Lafont) لە توێژینەوە ئاماژەی بە ڕۆڵی ئەم جۆرە سەربازانە دەکات و دەشێ agà-ús چەند ڕۆڵێکی جیاواز ببینێت لە ڕووی سەربازییەوە لەوانە: ١- بەدەر لە پاسەوانی تایبەتی پاشا، دەکرێت پاسەوانی بەرپرسانی پلە باڵا و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان بێت.

٢- دەکرێت بەشێک بێت لە تیمی پاراستنی ئاسایشی زۆرێک لە بەشە کارگێڕییەکان و دامەزراوە فەرمییەکان و یەکە بەرهەمهێنەرەکانی شانشینەکە.

٣- وەک نێردراو ڕۆڵی بینیوە، کە هەندێک جار وەک نوێنەری بەتوانای دیپلۆماسی یان سیاسی ڕەفتاریان کردووە.

٤- هەندێک جار بە سیفەتی بەرپرس لە پەیوەندییەکان و گواستنەوە هەستاون بە ڕاکێشانی بەلەم و دابینکردنی ئاسایش بۆ نێردراوەکان و کاروانەکان و سەرپەرشتیی کاری گواستنەوەکان.

چەکی ئەم جۆرە سەربازانە بریتیبووە لە کەوان، وا دەردەکەوێت بە ئاسانی بەکارهێنرابێت، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕاهێنانیان پێکراوە بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکە (Lafont, 2009, p. 15).

dú-ra: زاراوەیەکی سومەرییە واتای نەخۆش/ بریندار" دەدات (Owen, 2009, p.556). بەرانبەری لە ئەکەدیدا *maraṣu* (CAD/M/p.270).

en-nu-gá: زاراوەیەکی سومەرییە، واتای پاسەوان، چاودێریکەر" دەدات، بەرانبەری وشەی ئەکەدی *maṣṣartum* (Michalowski, 2011, 296). ئەگەر وەک فرمان بەکارهات، ئەوا بە واتای (پاسەوانیکردن، چاودێریکردن) دێت (Eleanor RObvson and Kathleen Clark., 2009, p.5).

$buru_{14}$: فرمانە بە واتای دروێنەکردنی (دانەوێڵە) دێت (Sallaberger, 2020, p.127). بەرانبەری لە ئەکەدیدا *ebûru* (CAD/E/p.16).

lú sa-gaz: زاراوەیەکی سومەرییە بە واتای چەتە، ڕێگر" (Owen, 2013, p. 404).

in-sìg-ga: فرمانە بە واتای لێیدرا".

sìg: ڕەگی فرمانە بە واتای لێدان" (Halloran, 2006, p.54).

in-sìg-ga

i –n –sìg –Ø –a

VP 3SG لێدان –3N –NOM

lú ùr-ra: ناوی پیشەیەکە، بە واتای بەهارات وردکەر/ ئەو کەسەی سۆسی ماسی دروستدەکات" (Owen, 2013, p. 106). بەرانبەری لە ئەکەدیدا *marrāqu* (CAD/M/p.285).

mun-gazi: زاراوەیەکی سومەرییە واتای بەهارات" دەدات (Sallaberger, 2020, p.687).

**:iti ezem-$^{d}$Li$_{9}$-si$_{4}$**

ئەم مانگە بە واتای"مانگی فیستیڤاڵی خواوەند لیسی" ناوی ئەم مانگە لە ڕۆژژمێری چەند شارێکدا دەرکەوتووە. یەکەمین دەرکەوتنی ئەم مانگە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکان (Cohn, 2015, p.63). مانگی ٩ لە شاری ئوما، مانگی ٣ لە شاری گیرسو لە سەردەمی (سارگۆن وگودیا)، هەروەها سەردەمی ئوری سێیەم ( Sallaberger, 2021, p. 28). مانگی ٤ لە شاری ئیریساگریگ ( Ozaki, 2016, p.134). Lisin خواوەندێکی مێینەیە، لە شارە سومەرییەکان پەرستراوە و هەندێک جار ناوبراوە بە (لیسینی دایک) وەک خواوەندی دایک، کە هاوتایی خواوەند نینخورساگ بووە، یاخود بە کچی دانراوە ( Black and Green, 1992, p.122). é-ur$_{5}$-šà-ba پەرستگای ئەم خواوەندە بووە لە شاری ئوما (George, 1993, p.157). لەوانەیە ناوی مانگی لیسی مانگی دایکایەتی بووبێت ( Sallaberger, 2021, p. 27).

**:mu en $^{d}$Inanna unu(g)$^{ki}$-ga máš-e ì-pà**

" ئەو ساڵەی کاهینی خواوەند ئینانا لە شاری وەرکا لە ڕێگە فاڵگرەوە (دەستگرەوە) دامەزرا". **ساڵی نۆیەمی فەرمانڕەوایی ئەمارسین.**

mu en $^{d}$Inanna unu(g)$^{ki}$-ga máš-e ì-pàd
mu en Inanna unug-ak -Ø máš -e i-(b) -pàd -Ø
DN فاڵگرتنەوە -ERG VP-3N-(دامەزراندن) دەستنیشانکردن-3SG
کاهین ساڵ GN -GEN-ABS

máš-e ì-pàd: زاراوەیەکە بە واتای هەڵبژاردن لە ڕێگەی فاڵگرتنەوە"(Szlivia, 2014, p.128). بە پێی لێکدانەوەی ePSD جگە لە مانا زانراوەکەی کە واتای "بزن" دەدات، یەکێکی تر لە واتاکانی بریتییە لە ئاژەڵی قوربانی کە بۆ فاڵگرەوە/ دەستگرەوە بە کاردێت، یاخود بە تەنها بە واتای فاڵگرتنەوە و دەستگرتنەوە" دێت.

pàd: فرمانە بە واتای"دۆزینەوە، هەڵبژاردن، پاڵاوتن، دەستنیشانکردن "بەرانبەری ئەم فرمانە لە ئەکەدیدا (Kleinerman and Owen, 2009, p.41) *nabû* .

ژ. دەق: ٢ پێوانە: ( 2.2 x 4.7 x 9.1 سم)

ژ. مۆزەخانە: SM.037284 بابەتی دەقەکە: لیستی خەرجی بەشە خۆراک

مێژووەکەی: ساڵی دووەمی ئیبی-سین سەرچاوەکەی: ئیریساگریگ

**Obv.**

1. 3(bán) kaš 3(bán) ninda
2. ur-$^{d}$šu-$^{d}$suen egir sukkal-maḫ

3. $u_4$ maškim a-šà [d]nanna-šè im-ge-na-a
4. 1(bán) kaš 1(bán) ninda
5. la-[qì-pu-um] sagi lú-kin-$gi_4$-a lugal
6. $u_4$ siskúr lugal-šè im-ge-na-a
7. $u_4$ 3(diš) [silà kaš] 3(diš) silà ninda
8. a-kal-la lú-kin-$gi_4$-a lugal
9. 3(diš) silà kaš 2(diš) silà ninda
10. lú-ša-lim lú-kin-$gi_4$-a lugal
11. $u_4$ BÀD-AN[ki]-šè ba-e-re-ša-a
12. 3(diš) silà kaš 2(diš) silà ninda
13. nam-ḫa-ni lú-kin-$gi_4$-a lugal
14. 3(diš) silà kaš 2(diš) silà ninda
15. ur-dub-lá-maḫ-a lú-kin-$gi_4$-a lugal
16. 3(diš) silà kaš 2(diš) silà ninda
17. ì-lí-šip-ti lú-kin-$gi_4$-a lugal
18. 3(diš) silà kaš 2(diš) silà ninda

**ڕووی پێشەوە:**

١) ٣٠ لیتر بیرە، ٣٠ لیتر نان
٢) (بۆ) ئور-شوسین، یاریدەدەری سەرۆکوەزیران
٣) کاتێک هات بۆ لای سکرتێری کێڵگەی نانا
٤) ١٠ لیتر بیرە، ١٠ لیتر نان
٥) (بۆ) لاقی-پوم، مەیگێڕ، نێردراوی پاشا
٦) کاتێک هات بۆ پێشکەشکردنی قوربانی بۆ پاشا
٧) ٣ لیتر بیرە، ٣ لیتر نان
٨) (بۆ) ئاکالا، نێردراوی پاشا

٩) ٣ لیتر بیره، ٢ لیتر نان
١٠) (بۆ) لوشالیم، نێردراوی پاشا
١١) کاتێک ئەوان ڕۆشتن بۆ دێر
١٢) ٣ لیتر بیره، ٢ لیتر نان
١٣) (بۆ) نەم-خانی، نێردراوی پاشا
١٤) ٣ لیتر بیره، ٢ لیتر نان
١٥) (بۆ) ئوردوب-لاماخا، نێردراوی پاشا
١٦) ٣ لیتر بیره، ٢ لیتر نان
١٧) (بۆ) ئیلی-شیپتی، نێردراوی پاشا
١٨) ٣ لیتر بیره، ٢ لیتر نان

**Rev.**

1. ur-$^{d}$ba-ba$_{6}$ lú-kin-gi$_{4}$-a lugal
2. u$_{4}$ BÀD.AN$^{ki}$-ta
3. ki lugal-šè ba-e-re-ša-a
4. 3(diš) sìla kaš 2(diš) sìla ninda
5. zi-amar-ir lú-kin-gi$_{4}$-a lugal
6. 3(diš) sìla kaš 2(diš) sìla ninda
7. a-ḫu-šu-ni lú-kin-gi$_{4}$-a lugal
8. u$_{4}$ di-ni-ik-tum$^{ki}$-šè ba-e-re-ša-a
9. 3(diš) sìla kaš 2(diš) sìla ninda
10. šu-$^{d}$šul-gi lú-kin-gi$_{4}$-a lugal
11. u$_{4}$ maškim lú-di-da-ka-šè im-gen-na-a
12. 5(diš) sìla kaš 5(diš) sìla ninda
13. šu-ga-tum lú-kin-gi$_{4}$-a lugal
14. u$_{4}$ éren zàḫ arád-$^{d}$nin-ḫur-sag dab$_{5}$-ba-dè im-gen-na-a
15. 3(diš) sìla kaš 2(diš) sìla ninda
16. èr-ra-nu-id lú-kin-gi$_{4}$-a lugal

17. 3(diš) sìla kaš 2(diš) sìla ninda

18. ur-me-da lú-kin-gi$_4$-a lugal

19. u$_4$ ki ensí-ka-šè im-e-re-ša-a

20. 2(diš) sìla kaš 2(diš) sìla ninda bu-lu-lu šùš

21. u$_4$ $^{anše}$kúnga sí-ku-um-šè im-gen-na-a

22. zi-ga iti níg-$^{d}$en-líl-la

23. mu en $^{d}$Inanna unu(g)$^{ki}$-ga máš-e ì-pàd

**ed.** u4 2(u)-kam **Le.**

**ڕووی پشتەوە:**

١) (بۆ) ئور-بابا، نێردراوی پاشا
٢) کاتێک لە دێرەوە
٣) ڕۆشتن بۆ شوێنی (چاوپێکەوتنی) پاشا
٤) ٣ لیتر بیرە، ٢ لیتر نان
٥) (بۆ) زی-ئەمارئیر، نێردراوی پاشا
٦) ٣ لیتر بیرە، ٢ لیتر نان
٧) (بۆ) ئاخو-شونی، نێردراوی پاشا
٨) کاتێک ڕۆشتن بۆ دینیکتوم
٩) ٣ لیتر بیرە، ٢ لیتر نا
١٠) (بۆ) شو-شولگی، نێردراوی پاشا
١١) کاتێک هات بۆ لای سکرتێری سکاڵاکار
١٢) ٥ لیتر بیرە، ٥ لیتر نان
١٣) (بۆ) شوگاتوم، نێردراوی پاشا
١٤) کاتێک هات بۆ گرتنی سەرباز- هەڵاتووەکان (و) خزمەتکارەکانی خواوەند نینخورساگ
١٥) ٣ لیتر بیرە، ٢ لیتر نان

١٦) (بۆ) ئیرانوید، نێردراوی پاشا
١٧) ٣ لیتر بیرە، ٢ لیتر نان
١٨) (بۆ) ئورمیدا، نێردروای پاشا
١٩) کاتێک هاتن بۆ شوێنی فەرمانڕەوا ensí
٢٠) ٢ لیتر بیرە، ٢ لیتر نان، (بۆ) بولولو

مەیتەر


٢١) کاتێک هات بۆ هێستر (بۆ) سیککوم

٢٢) خەرجی مانگی خاوەنداریێتی ئەنلیل

٢٣) (ئەو) ساڵەی کاهینی گەورەی خواوەند ئینانا لەشاری ئوروک لە ڕێگەی فاڵەوە هەڵبژێردرا

**لای چەپ: ڕۆژی بیستەم**





وێنەی ژمارە (٣) SM.037284



وێنەی ژمارە (٤) کۆپی SM.037284

## وەرگێڕانی گشتی:

ئەم دەقە لیستی بەشە خۆراک (بیرە و نان) لەخۆدەگرێت، کە بەسەر نێردراوەکانی پاشا دابەشکراوە لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان. مێژووی دەقەکە دیاریکراوە بە ڕۆژی بیستەم مانگی ٨ لە ساڵی دووەمی فەرمانڕەوایی ئیبی-سین.

## شیکردنەوە:

bán: یەکەی قەبارەی "بڕ، توانایی" یە، ١ (bán) هاوتایە بە ١٠ لیتر (Foxvog, 2016, p.10). بەرانبەری لە ئەکەدیدا *sūtu* (CAD/S/p.420).

kaš: وشەیەکی سومەرییە واتای بیرە" دەدات، جۆرە بیرەیەک کە لە دانەوێڵە دروستکرابێت، بەرانبەری لە ئەکەدیدا *šikāru* (Kleinerman and Owen, 2009, p.94).

ninda : وشەیەکی سومەرییە واتای نان، خواردن" دەدات، بەرانبەری ئەم وشەیە لە ئەکەدیدا *akalu* ( Sallaberger, 2020, p.770).

egir: زاراوەیەکە چەند واتایەکی جیاوازی هەیە "پشتەوە، تەنیشت، دواوەوە" دێت، بەرانبەری لە ئەکەدیدا *arkatu* (Kleinerman and Owen, 2009, p.48). بەڵام لەم دەقەدا بە واتای یاریدەدەر" دێت (Owen, 2013, p.371).

sukkal-maḫ: وشەیەکی لێکدراوە بە واتای وەزیر" هاوتای سەرۆکوەزیرانی ئێستایە. پێکهاتووە لە ناو-ئاوەڵناوە، sukkal بە واتای وەزیر یاخود ڕاوێژکار (Jagersma, 2010, p.119). maḫ بە واتای

زۆر گەورە ”زەبەلاح“ sukkal-maḫ بەرپرس بووە لە هەرێمە باجدەرەکانی دەوروبەری دەوڵەتی سێیەمی ئور ( Tsouparopoulou, 2013, p.1). ئەم وشەیە چووەتە ناو ئەکەدی و بووە بە sukkalmahhu ( Zólyomi , 2017, p.34).

maškim: زاراوەیەکی سومەرییە لە لایەن توێژەرانەوە چەن لێکدانەوەیەکی جیاوازی بۆ کراوە، (Sigrist, 1995, p.25) بە ”گەیەنەری“ لێکداوەتەوە، واتە ئەو کەسەی شتێک دەگوازێتەوە، بە تایبەت هەواڵ. (Sallaberger, 2008, p.9) بە ”نوێنەری ڕێگەپێدراوی“ لێکداوەتەوە. لە (ePSD) بە (پۆستێکی ئیداری) شیکراوەتەوە. بە هەمان شێوە (Heimpel, 2009, p.68) بە ”پۆستی ئیداری (جێگر)“ لێکیداوەتەوە. لە لایەکی ترەوە (Molina, 2013, p.127) بە واتای دەسەڵاتپێدراوی لێکداوەتەوە، هەروەها زیاتر ڕوونیدەکاتەوە، کە لە بەڵگەنامە یاساییەکانی سەردەمی ئوری سێیەمدا، ئەرکەکانی maškim لە بنەڕەتدا سێ جۆر ئەرک بوون: یەکەم: کەسێک بەربژێرکراوە، لە لایەن دەسەڵاتی باڵاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵا و ئامادەکردنی بەڵگە بۆ دادگا. دووەم: بەرپرس بووە لە بە دەستەوەدانی (ناردنی) تاوانبار بۆ دادگا، بە مەبەستی ڕێکاری یاسایی. سێیەم: جۆرێک بووە لە شایەتحاڵێکی دامەزراوەیی، کە دەتوانرێ بانگبکرێت لە کاتی پێویستی لێکۆڵینەوە لە ڕێکارەکانی پێشوو، کە پەیوەندیدارە بە پرۆسەی دادگایکردنی نوێ. (Culbertson, 2009, p.132) لە لێکدانەوەکەیدا بە گونجاوتری دەزانێت ئەم زاراوەیە سومەرییە وەک خۆی بەجێبهێڵرێت، چونکە لە جیهانی نوێدا پلەیەکی هاوشێوە بۆ ئەم زاراوەیە نییە، هەرچەندە لە وانەیە پڕکردنەوەی ئەم پۆستە (لێپرسراو) بوو بێت.

u₄ ki ensí-ka-šè im-e-re-ša-a: ”کاتێک ڕۆشتن بۆ شوێنی (چاوپێکەوتنی) فەرمانڕەوا ensí“.

u4 ki ensí-ka-šè im-e-re-ša-a

- m(u)-i u4 ki ensí.k =ak =šè -eš -a = a er

ڕۆشتن: PLUR -3PL -NOM=LOC فەرمانڕەوا شوێن کاتێک=GEN=TERM VP-VENT

sagi: وشەیەکی وەرگیراوی ئەکەدییە و چووەتە ناو زمانی سومەرییە بە واتای بادەوان، مەیگێڕ) لە وشەی šāqû وەرگیراوە (Emelianov, V., 2014, p.488).

a-šà(g): زاراوەیەکە واتای کێڵگە" دەدات، بەرانبەری ئەم زاراوەیە لە ئەکەدیدا eqlu (Snell, 1987, p.218).

siskúr: وشەیەکی سومەرییە واتای قوربانیکردن، پێشکەشکردن" بەرانبەری لە ئەکەدیدا niqû (Kleinerman and Owen, 2009, p.170)

lú-di-da-ka-šè: زاراوەیەکە بە واتای بۆ لای سکاڵاکار".

lú-di-da: زاراوەیەکە بە واتای کەس سکاڵاکار" ( Sallaberger, 2020, p.603). هەروەها بە واتای لێپرسراوی دادوەریش هاتووە (Owen, 2013, p.93).

zàḫ: وشەیەکی سومەرییە لە دەقەکانی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا بە زۆری بۆ کەسانی "هەڵهاتوو، ڕاکردوو" بەکارهاتووە. بەرانبەری ئەم وشەیە لە ئەکەدیدا nābutu، halāqu (Reid, 2015, p.581).

arád: وشەیەکی سومەرییە بە واتای کۆیلە، خزمەتکار" دێت (Halloran, 2006, p.51). بەرانبەری ئەم وشەیە لە ئەکەدیدا wardu (الجبوري، ٢٠١٠، ص. ٥٨).

dab5-ba-dè: فرمانە بۆ ڕانەبردوو (marû) بەکاردێت، واتای گرتن" دەدات.

dab5: ڕەگی فرمانەکەیە واتای گرتن" دەدات (Owen, 2013, p. 181).

dab5-ba-dè

dab5 -Ø -a -ed -e

گرتن -NF -NOM IPFV -ERG

:iti níg-den-líl-la

ناوی ئەم مانگە تەنها لە ڕۆژمێری شاری ئیریساگریگ دا بە مانگی ٨ هاتووە (Ozaki, 2016, p.131). هەروەها لە ڕۆژژمێری هەردوو بازرگان تورام ئیلی (Widell, 2003, p.1) و (SI.A-a) هاتووە (Sallaberger, 1993, p.11). واتای ئەم مانگە "سامان (خاوەنداریێتی) خواوەند ئەنلیل" (Garfinkle, 2012, p. 80). بەشی یەکەمی ئەم مانگە (níg) واتای شت، سامان، خاوەنداریێتی" دەدات. بەرانبەری ئەم وشەیە لەئەکەدیدا būšu یاخود mimma (Kleinerman and Owen, 2009, p.129).

ژ. دەق: ٣ پێوانە: ١.٥ x 3.6 x 4 (سم)

ژ. مۆزەخانە: SM.040094 بابەتی دەقەکە: لیستی خەرجی نێردراوی شاژن

مێژووەکەی: دیارینەکراوە سەرچاوەکەی: ئیریساگریگ

**Obv.**

1. 1(diš) $^{kuš}$ummù
2. 1(diš) $^{kuš}$e-sír é-ba-an
3. i-na-aḫ-dingir lú-kin-gi$_4$-a nin

**Rev.**

1. gìri $^{d}$Šu-$^{d}$Suen-ḫa-ma-ti
2. zi-ga
3. iti gi-sig-ga

**ڕووی پێشەوە:**

١) ١ پێستەی کوندەی ئاو

٢) ١ جوت پێڵاوی لە پێستە (دروستکراو)

٣) (بۆ) ئیناخ- ئیلوم نێردراوی شاژن

**ڕووی پشتەوە:**


١) لە ڕێگەی شوسین-خاماتی

٢) خەرجی

٣) مانگی ٦ لە (شاری ئیری-ساگریگ).



وێنەی ژمارە (٥) SM.040094



وێنەی ژمارە (٦) کۆپی SM.040094

**وەرگێڕانی گشتی:**

ئەم دەقە خەرجی پێڵاو و پێستەی هەڵگرتنی ئاو/بیرە (کوندە) لە خۆدەگریت، کە بۆ نێردراوی شاژن ئیناخ-دینگیر خەرجکراوە. لە ڕێگەی شوسین-خاماتی، مێژووی دەقەکە دیاریکراوە بە مانگی ٦ (شاری ئیریساگریگ).

**شیکردنەوە:**

$^{kuš}$e-sír: زاراوەیەکی سومەرییە واتای پێڵاو، نەعل" دەدات، بەرانبەری ئەم زاراوەیە لە ئەکەدیدا *šenu* (Kleinerman and Owen, 2009, p.45)

é-ba-an: وشەیەکی سومەرییە واتای جووت، دووان" دەدات، بەرانبەری ئەم زاراوەیە لە ئەکەدیدا *tapalu* (Kleinerman and Owen, 2009, p.45). هەرچەندە ئاماژەیە بە چەندێتی دەکات، بەڵام ناتوانرێت وەک وشەیەکی ژماردن بەکاربهێنرێت، بەڵکو وەک ناو دەناسرێت نەک ژمارە (Jagersma, 2010, p.241).

lú kin-gi$_4$-a nin: ئەم زاراوەیە زۆر دەگمەنە و بۆ یەکەم جارە لە دەقەکانی سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا دەردەکەوێت، بە واتای نێردراوی شاژن". لە دەقەکانی بنەماڵەی سێیەمی ئوردا، زاراوەی ( lú kin-gi$_4$-a lugal) "نێردراوی پاشا" هاتووە. بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا دەتوانین بڵێین ئەم بەڵگەنامەیە یەکێکە لە ناوازەترین بەڵگەنامەکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور کە دەستەواژەی نێردراوی شاژن دەرکەوتووە.

nin: وشەیەکی سومەرییە واتای شاژن، خاتوون" دەدات، بەرانبەری ئەم وشەیە لە ئەکەدیدا *beltu*، *šarratu* (Sallaberger, 2020, p.760).

gìri: وشەیەکە بە چەند واتایەک لێکدراوەتەوە "لە ڕێگەی، بەرپرسیاریەتی" ئەم وشەیە بۆ کەسێک بەکارهاتووە، کە لەکاتی دۆکۆمێنتکردنی مامەڵەکاندا ئامادە بووە، هەروەها بەرپرس بووە لێی. لە هەمان کاتدا ئەم دەستەواژەیە ئەوە دەردەخات، کە هەندێک کەس وەک gìri کاریان تەنها بۆ مامەڵەی هەندێ بەرپرسی تر کردووە (Tsouparopoulou, 2013, p.5).

## iti gi-sig-ga:

ئەم مانگە لە ڕۆژژمێری شاری ئیریساگریگ بە مانگی ٦ دیاریکراوە. (Ozaki, 2016, p.128). هەروەها لە ئەرشیفی تورام ئیلی و SI.A-a دا هاتووە. (Sallaberger, w. 1993, p.11). ڕێنوسی ناوی ئەم مانگە بە شێوەی gi-si-ga هاتووە، بەڵام تەنها لە یەک دەقدا ( Nisaba/15, 0442, r2, p.226) بە شێوەی $gi_4$-sig-ga هاتووە. سەبارەت بە زاراوەی (gi-sig)، (Heimpel, 2009, p.182) لێکدانەوەی بۆ ئەم زاراوەیە کردووە و بە واتای "کوخی قامیش" دەستنیشانکردووە، کە بەرانبەری وشەی ئەکەدی *kikkišu* یە، کە بە واتای پەرژینی قامیش یان کوخی قامیش دێت. لە لایەکی دیکەوە (Cohn, 2015, p.211) ڕای وایە کە پێدەچێت ناوی ئەم مانگە ئاماژە بێ بۆ ئەو کاتەی کە پەرژین و کوخی قامیش دروستدەکراو نۆژەندەکرایەوە.

**ئەنجامەکان**

١- دەرکەوتنی دەستەواژەیەکی نوێ و دەگمەن " نێردراوی شاژن" lú-kin-gi4-a nin کە بۆ یەکەم جارە ئەم دەستەواژەیە لە بەڵگەنامە مێخییەکانی بنەماڵەی سێیەمی ئور دەردەکەوێت.

٢- لە ڕێگەی ئەو دەقانەی تایبەتە بە لیستی بەشە خۆراک بەسەر نێردراوەکانی پاشا لە شاری ئیریساگریگ سروشتی کاری نێردراوەکانمان بۆ ڕووندەبێتەوە و دەردەکەوێت کە نێردراوەکان بۆ کارێک یان چەند کارێکی دیاریکراو دامەزراون، نەک بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وەک نێردراو بە کۆشکی شاهانەوە پەیوەست بووبن، بە پێچەوانەی نێردراوەکانی پاشا لە شارەکانی تری سومەری بە تایبەتی گیرسو و ئومادا کە زیاتر وەک نێردراوی هەمیشەیی پاشا بوون.

٣- بەشە خۆراکی سەرەکیی نێردراوەکانی پاشا بریتی بووە لە (گۆشتی برژاوی مەڕ، شۆربا، ماسی، نان، بیرە)، گۆشتی برژوای مەڕ کە وەک بەشە خۆراک تەنیا لە شاری ئیریسگریگ دابەشکراوە بەسەر نێردراوەکانی پاشا، لە شارە سومەرییەکانی تر ئەم خۆراکە دابەشنەکراوە بەسەر نێردراوەکان.

٤- لە ڕێگەی ناوی نێردراوەکانی پاشا دەردەکەوێت کە ژمارەیەکی زۆر لە نێردراوەکان، هەڵگری ناوی ئەکەدیین، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پێدەچێت بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئیریساگریگ ئەکەدی بووبێت، یاخود بە لای کەمەوە کاریگەریی زۆری ئەکەدی هەبوو بێت لەسەر ئەم شارە.

## پەراوێزەکان:

### ١- (شاری دێر) BÀD.AN[ki]

ناوی نوێی ئەم شارە بریتییە لە (تل العقر) نزیک بەدرە، ناوی ئەم شارە لە ئەکەدیدا بە Der هاتووە (Edzard and Farber, 1974, p. 23). لە کلێشە مێژووییەکانی سەرەتایی فەرمانڕەوایی شولگیدا سێ جار ئاماژە بە ناوی شاری دێر کراوە. ئەویش لە ساڵانی (٢١،١٩،١١)ی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا (Patterson, 2018, p.99).

**Š11**: mu [d]ištaran BÀD.GAL.AN[ki] é-a ba-$ku_x$

**Š19**: mu BÀD[ki]! ki-bé ba-ab-$gi_4$

**Š21**: mu BÀD.AN[ki] ba-ḫulu

سەبارەت بە ناوی ئەم شارە توێژەران ئاماژە بە چەند شوێنێک دەکەن بە ناوی دێرەوە، کە لە بەڵگەنامە مێخییەکاندا هاتووە. (Frayne, 2008, pp.36-38) پێشنیازی (Delli Abbas) دەکات بۆ شوێنی شاری Der کە شوێنێکی ستراتیژی کۆنە، پاشا شولگی هێرشی کردووەتە سەر، وەک هەنگاوی یەکەم بۆ پاراستنی ڕێگەی (جەبەل حەمرین) هەروەها پەل هاویشتن و بەردەوامی هێرشەکانی لە سەرووی ڕووباری دیالە. (Frayne) زیاتر ڕوونیدەکاتەوە، کە ئەو هێرشەی پاشا شولگی کردوویەتییە سەر Der هەمان Der ی ڕۆژهەڵاتی بەدرە نییە، بەڵکوو هاو ناوی هەمان شارە کە دەکەوێتە نزیک دیالەی کۆن کە بریتییە لە (دەلی عەباس)ی نوێ. لە لایەکە دیکەوە (Michaloski, 2013, p.311) ئاماژە بەوە دەکات شوێنی ئەم شارە یەکێک بووە لە گرنگترین شارە سنوورییەکان لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی سێیەمی ئور، هەروەها شوێنی ئەم شارە دەکەوێتە خاڵێکی زۆر گرنگی ستراتیژی کە کۆنترۆڵی یەکێک لە ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان سومەر و بەرزاییەکانی زنجیرە شاخی زاگرۆس دەکات، کە ئەم ڕێگایە بە ئاراستەی جۆراوجۆر ڕێگای دەرەوەی وڵاتی کردووەتەوە بۆ کیماش و شوێنەکانی تر لە ڕۆژهەڵات بۆ سوسە و هەروەها بۆ ئاشوور. لە لایەکی دیکەوە (Patterson, 2018, p.105) ئاماژە بەوە دەکات کە دێر هەڵکەوتەیەکی ستراتیژی بووە لە دامێنی زنجیرە شاخی زاگرۆس لە نێوان دیالە و خوزستان، کە گرنگییەکی زۆری هەبووە، کە لەم دواییانەدا لە بەڵگەنامەکانی ئێریساگریگدا، دێر یەکێک بووە لەو ناوە جوگرافییەی کە زۆرترین جار هاتووە،

له دەقەکانی نێردراوەکانی پاشا، هەروەها یەکێک بووە لە قورسترین شارەکان لە ڕووی سەربازییەوە. هەرچەندە زۆرێک لە سەرچاوەکان ئاماژەیان بە شوێنی جوگرافی دێر کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند شوێنێکی تر هەبووە بەناوی (دێر)، (Chaprin, 2003, pp-9-21) ئاماژە بە ناوی چەند دێرێک دەکات، لە وانە: ١- دێری خوداوەند ئیشتەران کە بریتییە لە (تل العقر)ی نزیک بەدرە ٢- دێری نزیک ماری (نزیک ئەلبو کەمال) ٣- دێری دۆڵی بەلیخ (Baliḫ) ٤- دێری (apqum) کە شوێنەکەی نازانرێت ٥- دوروم (durum) لە هەرێمی وەرکا. هەروەها دێری نزیک سیپار هەیە، کە لە سەرەتاکانی ٢٠٠٠ پ.ز، (کۆتایی بنەماڵەی ئوری سێیەم) دروستکراوە (Mary And Baeteman, 2008, p.2). ڕێنووسی ناوی ئەم شارە لە بەڵگەنامە مێخییەکاندا بە سێ شێواز هاتووە، (BÀD$^{ki}$, BÀD.AN$^{ki}$, BÀD.GAL.AN$^{ki}$) (Patterson, 2018, p.99).

**٢-(شاری کیماش) Kimaš**

شوێنی کیماش کەوتووەتە ژێر کۆمەڵێک گریمانەی فراوانەوە، کە لە لایەن زۆرێک لە زانایان و توێژەرانەوە هەوڵیان داوە لێکدانەوە و شیکاری ئەو زانیارییانە بکەن، کە لە سەرچاوە مێخییەکاندا لە کۆتاییەکانی هەزارەیی سێیەم و سەرەتایی هەزارەی دووەمدا هاتووە. بۆچوونی توێژەران لە بارەی شوێنی ئەم شارەوە جیاوازە، فرەین دوو لێکدانەوەی بۆ شوێنی ئەم شارە خستۆتەڕوو، ڕای وایە کە کیماش لە سەرچاوە مێخییەکاندا بە دوو شوێنی جیاواز هاتووە. یەکەم: بە لە بەرچاوگرتنی پرۆسە سەربازییەکانی شولگی وا دەردەکەوێت، کە (کیماش) بکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای شاخەکانی بە یەک گەیشتنی ڕووباری دیالە و شاخی حەمرین (جبل حەمرین) ، دووەم: (Frayne, 1997, p. 455) پێیوایە کە شارێکی تر هەیە بە ناوی کیماش دەکەوێتە شوێنێک لە عیلام بەدەر لەو دوو لێکدانەوەی سەرەوە، پۆتس پێشنیازێکی تازەی هەیە لە بارەی شوێنی کیماشەوە، کە شوێنی ئەم شارەی بە (کانی هەمزە) لە دەشتی شارەزوور بە دووری ١٥کم لە باکووری ڕۆژئاوای شەمێران دەستنیشانکردووە ( Frayne, 2008, p. 47).

سەبارەت بەم لێکدانەوەی فرەین لە بارەی شوێنی کیماشەوە، پۆتس بۆچوونی وایە سەرەڕای ئەوەی ناتوانرێت ئەگەری بوونی دوو شوێن بە ناوی

کیماشەوە دووربخرێتەوە و لە بەرچاونەگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا وا دەرناکەوێت بە پێویست دابنرێت. هەروەها پشتگیریی ئەو لێکدانەوانەش ناکات کە بەهۆی بوونی سەرچاوەکانی مس لە ئێران پێگەی کیماش لە بەرزاییەکانی ناوەندی ئێران دەستنیشاندەکەن، بەڵکو ڕای وایە ئەو بەڵگانە ناتەواوە و بەهێزتر نییە لەو بەڵگانەی کە پێیانوایە کیماش دەکەوێتە (دامغان) لە ئازەربایجان یاخود لە کرمان (Potts, 2004, p.252). هەروەها پۆتس دوای ئەنجامدانی توێژینەوەکی زۆر ورد قووڵ پێشنیازی شاخەکانی (تییاری Tiyari) بۆ شوێنی کیماش دەکات، کە سەرچاوەی مسە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و بە گونجاوتری دەزانێت (Potts, 2004, p.254). لە لایەکی دیکەوە (Patterson, 2018, p.254). ئاماژەی بەوە دەکات کە لێکدانەوەی هەریەکە لە (Steinkeler) بە (کرماشان) و هەروەها (Renette) بە (خوڕەم ئاباد) بە گونجاوترین ئەو بەڵگانە دادەنێت، کە لەبەر دەستدان سەبارەت بە شوێنی کیماش، لەگەڵ ئەوەشدا خوڕەم ئاباد بە بژاردەیەکی باشتر دادەنێت بۆ ئەم شوێنە نەخشەی ژمارە (١) شوێنی کیماش دەستنیشانکراوە، بە پێی لێکدانەوەی نووسەران و توێژەران.

ئەم شارە لە ماوەی فەرمانڕەوای پاشا شولگیدا سێ جار ئاماژە بە وێرانکردنی کراوە. ئەوانیش ساڵی (٤٦، ٤٧، ٤٨) ( Markus Hilgert, 1998, pp.220-227).

**Š46**: mu Ki-maš$^{ki}$ ba-ḫul ”ئەو ساڵەی کیماش وێرانکرا“

mu Ki-mš$^{ki}$ Ḫu-ur$_5$-ti$^{ki}$ ba-ḫul “”ئەو ساڵەی کیماش و خورتی وێرانکرا

**Š47**: mu ús-sa Ki-maš$^{ki}$ ba-ḫul ”ساڵی دوای ئەو ساڵەی کیماش وێرانکرا“

**Š48**: mu Ḫa-ar-ši$^{ki}$ Ki-maš$^{ki}$ ba-ḫul ”ئەو ساڵەی خارشی و کیماش وێرانکران“




نەخشەی ژمارە (١) شوێنی کیماش بە پێی خەملاندنی نوسەران و توێژەران.

وەرگیراوە لە (Patterson, Daneil, 2018, p.203)

**٣-(شاری دینیکتوم) Diniktum$^{ki}$**

بەگوێرەی لێکدانەوەی زۆربەی توێژەران لە وانە (Frayne, 1990, p.682)، (Harman Gasche and Michel Tarnet, 1998, p.16)، (Paolo Gentili, 2011, p.39) بە ڕادەیەکی زۆر کۆکن لەسەر شوێنی (diniktum) کە بریتییە لە (تل محمد) لە هەرێمی خوارووی دیالە بە دووری چەند سەد مەترێک لە باشووری (تل حرمل) لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا. فرەین ئاماژە بەوە دەکات، کە دینیکتوم شوێنێکی ناسراو بووە لە سەرچاوەکانی بابلی کۆن، کە شارێکی گرنگ بووە، کەوتووەتە سەر ڕووباری دیجلە لە ڕێڕەوی ئاوی (کوت العمارە Kut al Imara) (Frayne, 2013, p.190) (دەڕوانرێتە نەخشەی ژمارە ٣). لە لایەکی دیکەوە ناوی دینیکتوم لە نامەیەکی شاری ماریدا هاتووە، کە باس لە کشانەوەی

سوپای عیلامی دەکات، دوای تالانکردنی ئیشنونا لە ڕێگەی دینیکتومەوە کشاونەتەوە بەرەو عیلام (Owen, 2013, p.412). بە پێی ڕووپێوییەک کە پۆتس ئەنجامیداوە، ناوی ئەم شارە ڕێژەی ٢% کۆی ناوی شوێنە جوگرافییەکان لە نووسراوەکانی نێردراوە شاهانەییەکانی ئێریساگریگ پێکدەهێنێت (Patterson, 2018, p.424). ئەو ڕاستییەی کە ناوی دینیکتوم زۆر ئاماژەی پێکراوە لە دەقەکانی ئێریساگریگ، ئەوە نیشاندەدات، کە شوێنەکەی لە دەوروبەری ئەو ڕێگایەیە لە ئێریساگریگەوە دەچێت بۆ دێر (Owen, 2013, pp.42-44). ڕێنووسی ناوی ئەم شارە لە سەرچاوەکانی (LGN) لیستی ناوە جوگرافییەکانی سەردەمی بەرەبەیانی بنەماڵەکان بە شێوەی mar-da-na-ak هاتووە، هەروەها لە دەقێکی ئەرشیفی سەردەمی ئەکەدی بە شێوەی *dì-ni-ik-tum* هاتووە (Frayne, 1992, p.46). هەروەها لە سەردەمی ئوری سێیەم بە شێوەی dì-ni-ik-tum[ki] هاتووە (SM.037284). لە سەردەمی بابلی کۆندا بە شێوەی *di-ni-ik-tum*[ki] (Harris, 1955, P.47). لەگەڵ *di-ni-ik-tim*[ki] هاتووە (Frayne, 1990, p.685).

## لیستی سەرچاوەکان:

Allred, L. (2006) . '"Provisioning the a g a3- ú s in the Ur III Period." Paper presented at the 216th annual meeting of the American Oriental Society, Seattle, WA., March 17-20,'.

Changyu, L. and Nielsen, J. (2015) 'Cuneiform Texts in the Special Collections of Knox College', *Cuneiform Digital Library Bulletin*, p. 5.

Charpin, D. (2003) 'La «toponymie en miroir» dans le Proche-Orient amorrite', *Revue d'assyriologie et d'archéologie orientale*, 97(1), pp. 3–34.

Cohen, M.E. (2015) *Festivals and calendars of the ancient Near East*.

Edzard, D.O. and Farber, G. (1974) *Répertoire géographique des textes cunéiformes. 2. Die Orts-und Gewässernamen der Zeit der 3. Dynastie von Ur*. Reichert.

Emelianov, V. *et al.* (2014) 'Assyrian Dictionary', *Acta Linguistica Petropolitana. Труды института лингвистических исследований*, 10(1), pp. 483–514.

Foxvog, D.A. (2011) 'Elementary Sumerian Glossary', *Education*, 229, p. 231.

Foxvog, D.A. (2014) 'Introduction to Sumerian grammar', *TCS*, 1(60), p. 3.

Frayne, D.R. (1992) *The Early Dynastic List of Geographical Names*. American Oriental Soc.

Frayne, D.R. (2008) ‘The Zagros campaigns of the Ur III kings’, *Journal of the Canadian Society for Mesopotamian Studies*, 3, pp. 33–56.

Frayne, D.R. (2013) ‘The Location of Āl-Šarrākī and the Precinct of Keš’, *D. Owen, Nisaba*, 15(1), pp. 183–197.

Garfinkle, S.J. (2012) *Entrepreneurs and enterprise in early Mesopotamia: a study of three archives from the Third Dynasty of Ur (2112-2004 BCE)*. Cdl Press.

Gasche, H. (1998) ‘Changing watercourses in Babylonia: towards a reconstruction of the ancient environment in lower Mesopotamia’.

Gentili, P. (2011) ‘Wandering through Time: The Chronology of Tell Mohammed’, *Studi Classici e Orientali*, pp. 39–55.

George, A. (1993) *House Most High: the temples of ancient Mesopotamia*. Eisenbrauns.

Harris, R. (1955) ‘The archive of the Sin temple in Khafajah (Tutub)’, *Journal of Cuneiform Studies*, 9(2), pp. 31–58.

Heimpel, W. (1994) ‘Towards an Understanding of the Term sikkum’, *Revue d’Assyriologie et d’archéologie orientale*, pp. 5–31.

Heimpel, W. (2009) *Workers and construction work in Garšana, (CUSAS 5)*. CDL Press Bethesda, Maryland: CDL Press.

Heyvaert, V.M.A. and Baeteman, C. (2008) ‘A Middle to Late Holocene avulsion history of the Euphrates river: a case study from

Tell ed-Dēr, Iraq, Lower Mesopotamia', *Quaternary Science Reviews*, 27(25–26), pp. 2401–2410.

Hilgert, M. (1998) *Drehem administrative documents from the reign of Šulgi*.

Jáka-Sövegjártó, Szlivia., (2014), The Sumerian verb ḫug, Ancient Near Eastern and Mediterranean Studies

ed: Zoltán Csabai and Tibor Grüll, Vol.2, Budapest, pp. 119-138

Jagersma, B. (2010) 'A descriptive grammar of Sumerian'. Leiden University.

Jeremy Black and Anthony Green (1992) *Gods , Demons and Gods , Dernons an Symbols Symbolsof Symbols of Ancient Mesopotamia Gods ,*.

Kleinerman, A. and Owen, D.I. (2009) *The analytical concordance to the Garšana archives*. CDL Press.

Lafont, B. (2009) 'The Army of the Kings of Ur: The Textual Evidence', *Cuneiform Digital Library Journal*, 5, pp. 1–25.

Maekawa, K. (1979) *The Ass and the Onager in Sumer in the Late Third Milennium BC*. Department of Linguistics, the University of Hiroshima.

Michalowski, P. (2013) 'Of Bears and Men. Thoughts on the End of Šulgi's Reign and on the Ensuing Succession', *Literature as Politics, Politics as Literature. Essays on the Ancient Near East in Honor of Peter Machinist*, pp. 285–320.

Michalowski, P. (2021) ‘The correspondence of the kings of Ur’, in *The Correspondence of the Kings of Ur*. Penn State University Press.

Molina, M. (2013) ‘On the Location of Irisaĝrig’, *Garfinkle, S*, pp. 59–87.

Owen, D.I. (2013) ‘Cuneiform Texts Primarily from Iri-Saĝrig/Āl-Šarrākī and the History of the Ur III Period. Band 1. ( Nisaba 15)’. JSTOR.

Ozaki, T. (2016) ‘On the Calendar of Urusaĝrig’, *Zeitschrift fur Assyriologie und Vorderasiastische Archaeologie*, pp. 127–137. doi:10.1515/za-2016-0012.

Patterson, D. (2018) ‘Elements of the Neo-Sumerian Military’. University of Pennsylvania.

Potts, D.T. (2016) *The archaeology of Elam: formation and transformation of an ancient Iranian state*. Cambridge University Press.

Rubio, G. (2017) ‘Sumerian temples and arabian horses: On Sumerian e2-gal’, *The First Ninety Years: A Sumerian Celebration in Honor of Miguel Civil*, 12, p. 284.

Sallaberger, W. (1993) *Der kultische Kalender der Ur HI -Zeit, Zeitschrift für Assyriologie und Vorderasiatische Archäologie*.

Sallabeger, w. 2020, Sumerischer Zettelkasten, Münchner. MC.

Sallaberger, W. (2021) ‘No TitleThe Emergence of Calendars in the Third Millennium BCE: Deities, Festivals, Seasons, and the Cultural Construction of Time’, in *Calendars and Festivals in Mesopotamia in the Third and Second Millennia BC Edited by Daisuke Shibata and Shigeo Yamda*. Harrassowitz Verlag · Wiesbaden.

Sigrist, M. (1995) *Neo-Sumerian Texts From The Royal Ontario Museum The Administration at Drehern*.

Snell, D.C. (1987) ‘The Ur III Tablets in the Emory University Museum’, *Acta Sumerologica*, 9, pp. 203–275.

Tsouparopoulou, C. (2013) ‘A reconstruction of the Puzriš-Dagan central livestock agency’, *Cuneiform Digital Library Journal*, 2, pp. 1–15.

Viano, M. (2019) ‘On the Location of Irisaĝrig once again’, *Journal of Cuneiform Studies*, 71(1), pp. 35–52.

Widell, M. (2003) ‘The Ur III calendar(s) of Turam-ili’, *Cuneiform Digital Library Journal, Vol. 2003, No. 2*, (February), pp. 1–7.

Zólyomi, G. (2017) *An introduction to the grammar of Sumerian*. Eötvös University Press.

**ملخص:**

المقالة المنشورة متكونة من ثلاثة نصوص جديدة من فتره أور الثالثة المحفوظة في متحف السليمانية و المرتبطة بمدينة إيريساغريج / الشراكي ، بناءً على محتوياتها و تركيبة أسماء الأشهر. هناك نصان يخص توزيع الطعام على مبعوث الملك، يعود تاريخهما إلى السنة الثانية من حكم الملك إيبي-سوين ، خامس ملوك سلالة أور الثالثة. النص الثالث نص نادر يحتوي على توزيع المستلزمات (من الجلود والأحذية المصنوعة من الجلد) لمبعوث الملكة. النص الثالث غير مؤرخ بينما يشير إلى الشهر السادس من ئيريساگريگ.

**Abstract:**

The article consists of three new texts belong to the Ur III period, preserved in the Sulaymaniyah Museum, which are normally associated with the city of Irisagrig/ *Āl-Šarrāki*, based on their contents and the structures of the month names. Two of the texts dealing with food distribution to the king's messengers, they are dated to the second year of the reign of Ibbi-Suen the fifth king of the third Dynasty of Ur III. The third text is one of the rare texts, it contains the distribution of necessities that included (waterskin and shoes made from leather) to the queen's messenger. The third text undated, but refers the month six of Irisagrig.